# ڕۆژی جیهانی موبارزە لەگەڵ مەوادی موخەدیر و سیاسەتی ڕژیمی ئێران لەو پێوەندییە دا




زۆر بوونی دیاردەی ئیعتیاد و تێوە گلانی لاوان و مێرمندالان و تەنانەت منداڵانیش بە کچ و کورەوە لە مەوادی موخەدیر و بازرگانی کردن بەو مەوادە و بە کار هێنانی لە لایەن ژمارەییێك لە ئەفراد، ئەمرۆکە بۆتە کێشەییێکی گەورە و بە خەمەوە بووانی مرۆڤ کەوتوونەتە خۆ تا لەگەلێدا موبارەزە بکەن و بەر بە لەناوچوونی ژمارەییێکی بەرچاو لە لاوان و ئەندامانی کۆمەڵگا بگرن. بۆ بەر گرتن لە دیاردەی ئیعتیاد و خەبات لەدژی مادە سڕکەرەکان چەندین ڕێکخراو و دامەزراوە و بۆ لە ناو بردنی ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە لەکۆمەڵگا دا ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دولار تەرخان دەکرێ. یەکێك لەو ڕێکخراوانەی کە بە جیددی تێکۆشانی لەمەڕ نەهێشتنی مەوادی موخەدیر دەست پێکردووە و موبارەزەی لەگەڵ دا دەکات، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە. لەدوای ئەوەی کە مەوادی موخەدیر پەرەی گرت و ژمارەییێك لە بەرپرسی ڕژیمەکان بە مەبەستی بازرگانی و سیاسەت بەکاریان هێنا و لەهێندێك وەلاتی وەك ئەفغانستان و ئێران بووە هۆییێکی گرینگی کار و بازرگانی پێ کردن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەستنی کۆنفرانسێك لە ویەن، پێتەختی ئوتریش لەساڵی ١٩٨٧ دا ڕۆژی ٥ی پووشپەری بە ڕۆژی موبارزە لەگەڵ مادە بێهۆشکەرەکان ناودێر کرد و بە کردەوە خەباتی لەدژی عامیلانی بڵاوکردنەوە و مەسرەف کەرانی ڕاگەیاند.

ئێران کە بۆتە پردی پەرینەوەی مەوادی موخەدیر بۆ ئورووپا و باقی وەلاتان، بە دەست ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرەوە دەناڵێنێ و کەم خانەوادە هەیە یەکیان تووشی مەسرەف کردن یان بازرگانی کردن بەو مادانەوە نەبێ. ئەگەر چی بێکاری و گرانی لە ئێران بە تێکڕا و کوردستان بە تایبەتی کاریگەری زۆر لەسەر خەڵك داناوە تا ڕوو بکەنە ئەو ماڵ ویرانگەرە. ئەوە لە هەمووان مەترسیدارترە کە ئیدارە جاسوسی و زانیارییەکانی ڕژیمی ئاخوندی بە پیلان و بەرنامە خەڵك لەو دیاردەوە دەگلێنن و پەرەی پێ دەدەن، لەکاتێك دا ڕژیمی ئێران یەکێك لە دەسەلاتەکانی واژۆکەری بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە دژی مەوادی موخەدیر کە لەچوار خاڵ پێك هاتووە.

ڕژیمی ئاخوندی لەبازاری مەوادی موخەدیردا چەند قازانجی کردووە. یەکەم: ژمارەییێك لەبەرپرسانی ڕژیم بازرگانی پێوە دەکەن و لە بازاری ڕەش و قازانج لەو موعامەلانە وەردەگرن و بە هەزاران تۆن لە ئەفغانستانەوە بە قاچاخ دەنێرنە وەلاتانی دیکە و پوول و داهات لەو مادانە دەنێرنە بانکەکانی دەرەوە و سەرمایەکانیان پێ زۆر دەکەن. دووهەم: بە ناوی خەبات لەدژی دیاردەی ئیعتیاد دەیان میلیۆن دولار وەردەگرن. سێهەم: بە بەرنامە و پیلانی دژی گەلییانە لاوانی موباریز و ئازادیخواز بە تێوەگلاندن لە مەوادی موخەدیر، خەبات و بەربەرکانیان لەبەرانبەر ستەم و نارەوایی لەبیر دەبەنەوە.

بە پێی سەرچاوەکان ژمارەی تەواوی بۆ تووش بووان بە مەوادی موخەدیر لەدەستدا نییە، چونکە ڕژیم هەوڵ ئەدا ئامارەکان چەواشە بکا و هەر چۆنێك بێت وابکا بە زیانی تەواو نەبێ. بەڵام بە پێی ئامارە ناحکومیەکان نیزیك بە ٢٠ میلیۆن کەس لەکۆی خەڵکی ئێران مەوادی موخەدیر مەسرەف دەکەن. لەو ژمارە لەخەڵك کۆمەڵێك بە تەواوەتی گیرۆدەبوون و خۆیان داوەتە دەست قەزا و قەدر و ژمارەییێکیش بۆ کات بەسەر بردن ئەو مەوادە مەسرەف دەکەن کە ئێستا بە تەواوەتی موعتاد نەبوونە.

ڕژیمی ئاخوندی کە هیچ بەرنامەیێکی بۆ وریا کردنەوەی خەڵك و زیانەکانی مەوادی موخەدیر نییە، هاوکات جڵەوی بۆ قاچاخچیەکان و عاملانی بڵاوکەرەوەی ئەو مەوادانە شل کردەوە و مەبەستیە کە خەڵك لەو مەوادە بگلێن. بۆ نمونە کاتێك لاوێك یان مێرمنداڵێك دەکەوێتە زیندان، هەر لەوێ سەرەتاکانی تووش بوون بە مەوادی موخەدیری لێیە و لەماوەیێکی کورت دا دەکەوێتە داوی ئەو بەڵایەوە.

لە کاتێك دا ئەوانەی کە دەکەونە زیندان لە دوای ئازادبوونیان بە موعتادی دێنە دەرەوە کە لەرابردوو دا تەنانەت سیگاریشیان نەکێشاوە. ئەو نمونە و چەندانی دیکە ئەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرانەن کە دەسەڵاتداریەتی لە ئێران بۆ درێژەدان بە دەسەلاتی و هەروەها مەهارکردنی جولانەوەی کۆمەلایەتی و نەهێشتنی هەر جۆرە بیرێکی جیاواز لە کۆمەڵگا دا لە هیچ تاوان و جینایەتێك سەبارەت بە خەڵکانی ئێران سلّ ناکاو و ئامادەیە لە پێناو چەند چرکە بەردەوامی دەسەڵاتداریەتی هەموو خەڵکی ئێران فیدا بکا. پێویستە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و کۆمەڵگای جیهانی لە حاست سیاسەتی قڕکردنی لاوانی گەلانی ئێران بە تێکڕا و ئازادیخوازان بە تایبەتی، لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە بێ دەنگ نەبن و تەنیا لە ڕۆژی ٥ی پووشپەر کە ڕۆژی جیهانی موبارەزە لەگەڵ مەوادی موخەدیرە، باس لە خەبات دژی مادە بێهۆشکەرەکان نەکرێ، بەڵکو تووش بووان بە مەوادی موخەدیر لە ئێران بکەنە هۆ بۆ ئەوەی کە بە شێوەی کاریگەر و بە کردەوە تواناکانیان بخەنە گەڕ تا کۆتایی بەو بەڵا گەوریە بێ و ژیانێکی باش کە مافی هەموو مرۆڤێکە بۆ هەموو کەس دابین بکرێ.

***

# ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنور، ئێرانی بە گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناساند



دەرووی ئازادیەکان لە ئیران تا پێ دەچێ بەرتەنگتر دەبیتەوە. هەریمی شەخصی هەموو مرۆڤیکی دانیشووی ئیران کەوتوتە ژیر پرسیارو خەلك هەست بە ئەمنیەت و ئاسایش ناکات نیزامێکی پولیسی و حوکمێکی ناسەردەمیانە و دوور لە واقع باڵی بەسەر ئیراندا کیشاوەو هەل و مەرجی سەدەکانی نیوەراست لەم وەڵاتە هاتۆتەوە ئاراوە. ئیران بەگشتی بە سیاسەتی چەوتی ئاخوندان تووش ئاڵۆزی و دا نەمەزراوی بووە و بە چەندین دەیە لەدوای وەڵاتانی گەشەکردوو دایە. ئازادی بەیان و ڕۆژنامەگەری لەوپەری بێ دەرەتانیدان و لە هەمووکاتیك داخراوترن. قەڵەمەکان دەشکین و هاواری ئازادی خوازی پیك هاتەکانی لەگەرویان دادەخنکین. سەرنووسەرو بەریوەبەران و خاوەن ئیمتیاز و دەکەونە بەر شاڵاوی سەرکوتی دەسەلاتی ئاخوندان و ڕۆژنامەکانیش بەدوای یەکدا دادەخرین. ڕۆژنامە لە جیهانی مودیرنیتە و گلۆبالیزمدا بەدەسەلاتی چوارەم دێتە ئەژمار لەئیرانی ژیر دەسەلاتی ئاخوندان دا هیچ ڕێزێکی نیەو حسابی بۆ ناکرێ ئەوە لە حالیکدایە کە دەبێ ڕۆژنامە یاریدەری دەسەلات بدا و هەلّە و کەم و کووڕیەکان نیشان بدا بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. دەسەلات بەتەنیا ناتوانێ خاڵە لاوازەکان ببینێ و ئاگای لە کیشەکانی کۆمەلگە هەبێ، بەلام ڕۆژنامە کاری لە قاودانی کەمکاری دەسەلاتە و وریاکردنەوەیەتی لە کەموکوریەکان دەرخستنی کێشەکانی نیوان خەلك و دەسەلات. ڕژیمی ئیران دژی ئاشکرابوونی گەندەلکاریەکانە و هەمیشە هەولی داوە ڕاستیەکان بشاریتەوە و تەواوی گۆرانەکان و ڕووداوەکانی جامیعە بەقازانجی خۆی تەواوبکا. بۆ وینە کوردستان کەلەباری ئازادی رادەربرین و بەگشتی هەل و مەرجی ئازاد و باقی شتەکانی پیوەند بەژیانی خەلکەکەی، لەباروودۆخیکی ناهەموار دایە، ڕۆژنامەکانی حکومەتی دایمە ڕاستیەکانیان شاردۆتەوەو لەهەموو رویکەوە کاریان چەواشەکاری بووە. ئەگەر نووسەر و ڕۆژنامە نوسیکی بە هەست لە کوردستاندا هەولی دابێ ئەو بۆشایی و بەتاڵاییانە پڕ بکاتەوە و ئازارەکان و دەردی خەلکی کوردستان نیشان بدا، هەرزو کەوتۆتە ژیر فشاری هیزەکانی ڕژیم و زیندانی کراوە. موحەممەد صەدیقی کەبوودوەند سەرۆکی سازمانی مافی مرۆڤی کوردستان و بەرپرسی حەوتونامەی داخراوی پەیامی مەردوم، ڕۆژی١٠ ی پوشپەر، بەبیانووی شیواندنی بیروڕای گشتی و پیك هینانی کیشە لەنیوان خەلکداو بلاوکردنەوەی بابەت و نوسراوەی پەیوەست بەکیشەی نەتەوەیی و رەگەزی، لەلایەن هیزەکانی ئیتلاعاتەوە گیراو مأمورانی ئەمنیەتی رژیم ماڵەکەیان پشکنی و کامپیوتەرو سی دی و نوسراوەکانی ناوبراویان لەگەل خۆ برد. جیگای باسە محەممەد صدیقی کبودوەند جاریکی دیکە و لەخەرمانانی١٣٨٤ بەسالیك سزای گیران لەلایەن دادگای پیداچوونەوەی کوردستان مەحکوم کرابوو تومەت گەلیکی لەهەمان تومەتی ئەمسالی درابووە پاڵ. عەدنانی حەسەن پوور رۆژنامەوانی حەوتونامەی داخراوی ئاسۆ، نووسەرو شاعیر، لە٥ ی ریبەندانی سالی رابردووەوە لەشاری سنە گیراوەو دوای تیپەرینی چەند مانگ بەسەر گرتنیدا، حوکمی ئیعدام دراوە. هەروەها کاوەی جەوانمەرد، ڕۆژی٢٦ ی سەرماوەزی سالی رابردوو لە سنە گیرا. ناوبراو ڕۆژنامەنوس و یەکیك لە نوسەرانی حەوتوونامەی کەرەفتوو بوو، وەلەلایەن لقی٦ ی دادگای انقلابی ئیسلامی رژیی ئاخوندی سنەوە لە٢٧ ی بانەمەر بەتۆمەتی هەولدان بۆ شیواندنی ئاسایشی نەتەوەی ئیران بەدووسال زیندان مەحکوم کرا. لەباقی شوینەکانی دیکەی ئیرانیش گرتن و راونانی رۆژنامەنووسان و هەوالنیران زۆرتر بۆتەوە و لەوپیوەندیەدا چەندکەس گیراون. سەعیدی مەتین پوور، رۆژنامەوانی حەوتوونامەی یارپاق و هاوکاری رۆژنامەکانی ناوچەی ئازەربایجانی ئیران لە٥ ی جۆزەردانەوە لەگەل خیزانەکەی لەزەنجان گیراو پاش دوورۆژ رەوانەی زیندانی ئەوین لەتاران کرا. ناوبراوان لەژووری تاکەکەس بەندی٢٠٩ دا راگیراون و هۆی گیرانەکەشیان تائیستا نادیارە. جیگای باسە سەعیدی مەتین پوور هاورێ لەگەل خیزانەکەی ئیجازەی دیتنی خانەوادەو پاریزەرەکانیشیان نیە. سەعیدی محمدی ناسراوبە سەعیدی موغانلو، نووسەرو شاعیرو سەرنووسەری حەووتونامەی ئازەری ئارپاق، لەکاتی گەرانەوەیدا لەباکۆی ئازەربایجان، لە فرۆکەخانەی میهرئابادی تاران گیراو پاش دانانی بارمتەی ١٠٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کرا بەلام پەساپۆرتی ناوبراو لەلایەن لیپرساوانی ئەمنیەتی رژیمەوە دەستی بەسەردا گیراو تائیستاش هۆی گیرانەکەی ئاشکرا نەبووە. عەلی فەرەحبەخش، رۆژنامەوان و کارناسی ئابوری و هاوکاری زۆربەی رۆژنامە ریفورمیستەکانی وەکو، یاس نو، شەرق، سەرمایە، لە٦ ی سەرماوەزی سالی١٣٨٥ وە لەکاتی گەرانەوەی بۆ ئێران لە فرۆکەخانەی میهرئابادی تاران گیراو لە٦ ی خاکەلیوەدا بە تۆمەتی سیخوری، بەسێ سال زیندان مەحکوم و٦٩ هەزار دولاریش سزای بۆ برایەوە. موحەممەد حوسین فەلاحیە، هەوالنیری کانالی ئاسمانی العالم کە سەربە رژیمی ئاخوندیە لەسەرماوەزی سالی١٣٨٥ وە کەوتوتە زیندان و لەریکەوتی٩ ی بانەمەری ئەمسالدا لەلایەن دادگای انقلابی رژیم لەتاران و لەپشت درگای داخراوەوە بەتۆمەتی سیخوری، موحاکەمە کراو سێ سال زیندانی بۆ بردرایەوە. ئیستا لەبەندی٢٠٩ ی ئەوینی تارانەو جگەلە قەدەغەبوونی دیداری لەگەل دوستان و خانەوادەو پاریزەرەکانی، تووشی نەخۆشی بووە و پێویستی بە چارەسەر کردن لەدەرەوەی زیندان هەیە. لەدژ کردەوەدا سەبارەت بە گرتنی رۆژنامەنووسان، ریکخراوی هەوالنیرانی بێ سنور لە راپۆرتیکدا سەبارەت بەگیرانی٦ رۆژنامەوان لە ئیران، ئیرانی بەگەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لەرۆژهەلاتی ناوەراست ناساند و بەتێرو تەسەلی باسی لە زۆر و شکەنجەی لە رادەبەدەر بۆ سەر رۆژنامەوانان کرد.

پێویستە کۆمەلگە ئازاد و پاریزەرانی مافی ژورنالیستەکان، دەنگی خۆیان بخەنە پال دەنگی ریکخراوی هەوالنیرانی بێ سنور و ویکرا بەهەلویستیکی لیبراوانە لە بەرانبەر سەرکوتگەریەکانی رژیمی ئازادیکوژی ئاخوندی بوەستنەوە. رۆژنامەنووسان و باقی ئازادیخوازان لە ئیران پیویستیان بەهاودەنگی و یارمەتی ریکخراوە بەشەر دوست و پاریزەرانی ئازادی هەیە. ئاوردانەوە لەوان کاریکی شۆرشگیرانەیە و کلیلی ئازادی تەنیا موبارەزەی شێلگیرە لەبەرانبەر زالماندا.

***